# سەرەڕای هەموو شتێك ، جیهان تەختە

## دڵزارحەسەن

لە ساڵی 1492 christopher Columbus کریستۆڤەر کۆلۆمپۆس گەشتێکی دەریایی کرد بەلای ڕۆژئاوادا ، بۆ ناوچەی هیندستان گەشتاکە ناوچەکانی " نینا_ پینتا_ سانتاماریا " ی گرتەوە ، هەڵبەتە دوای ئەو هەموو گەڕان و ماندوو بوونەی کۆلۆمپۆس هێشتا هەر نەیتوانی وڵاتی هیندستان بدۆزێتەوە . بەڵام ئەو خەڵکانەی لەو گەشتە چاوی پێیان کەوتبوو ناوی لێنان " هیندیەکان " و ئینجا گەڕایەوە ماڵەوە و ڕاپۆرتێکی بۆ " شا و شاژن " ی خۆی نووسی و تیایدا ڕایگەیاند کە " جیهان خرە " ، ئەمە وتەی ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی " تۆماس ئیڵ فریدمان " ە کە لە کتێبی " سەرەڕای هەموو شتێك ، جیهان تەختە " ئاماژەی پێداوە . هەڵبەتە ئەو کتێبە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیانەی فرێدمانە کە لە ڕێگای گەشتەکەیەوە بۆ هیندستان بیرۆکەی نووسینی ئەو پەرتوکەی لاخەملاوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەرتوکە بە دواین تێزی ئابوری و سیاسیی تۆماس فرێدمان دادەندرێت لە بارەی خوێندنەوەی تازەوە بۆ سیستەمی ئابوری و پیشەسازی و تەکنەلۆژیای ئێستا ، فرێدمان هەوڵدەدات لە ڕێگای گێڕانەوەی گەشتەکەی خۆیەوە بۆ وڵاتی هیندستان دوای تێپەڕبوونی 512 ساڵ بەسەر گەشتە زانستی و جوگرافیەکەی کۆلۆمپۆسەوە ئەمیش جارێکی دیکە دەرگا بەرووی قەیرانە نوێیەکان ئاواڵابکاتەوە ، ئەو قەیران و چەمکە ئاڵۆزیانەی دونیای بازرگانی و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی کە بە بۆچوونی تۆماس فرێدمانەوە ئەمرۆکە هەریەك لە هیندستان و چین ڕابەرایەتییاندەکەن . فرێدمان لە بارەی گەشتەکەیەوە بۆ ناوچە پیشەسازیەکانی هیندستان دەڵێت : سەرەتا ڕاپۆرتەکەم تەنها بۆ هاوسەرەکەم نووسی و بە ئاسپایەوەش بە گوێی هاوسەرەکەم چرپاند کە " جیهان تەختە " لێرەدا نابێت ئەوە لە یادبکرێت کە ئەو پەرتوکەی تۆماس فرێدمان کاری لە سەر کردووە ئاماژە و تیبینی و زەنگی مەترسیەکانی تەنها ئاراستەیە بۆ کۆمەڵگای ئەمریکایی و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کۆمپانیاکان و سیاسەتوان و دەسەڵاتدارانی ئەمریکایش لەو دۆخە سامناکە بە ئاگا دێنێتەوە ، کە لەو حاڵەتەدا فرێدمان پێی وایە " جیهان ئێستا تەختە و سەرەڕای ئەمەش هاوڵاتیانی ئەمریکایش لە خەوێکی هەمیشەییدا ژیان دەگوزەرێنن !! ئەو پێی وایە ڕەوڕەوەی جیهان زۆر خێراتر لەوەی کە زۆر بەی خەڵك تێبینی دەکەن تێدەپەڕێت . بەلای فرێدمانەوە ڕووداوی 11 ی سێپتێمبەر و بوونی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا و زانیاریە تازەکان بەشێوەیەك کۆشکی سپی و خەڵکی ئەمریکای سەرقاڵکردووە ، بەجۆرێك تەنانەت هانی هەندێ کەسیدا گومانی ئەوە بکەن کە پرسی " جیهانگەرایی " کۆتایی هاتووە . بەپێچەوانەی ئەوەوە تۆماس فرێدمان واهەست دەکات وێنەکانی دوای کارەساتی 11 ی سێپتێمبەرئەوە دەردەخەن کە پرسی " جیهانگەرایی " بەتەواوی بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕیوە نەك بەکۆتا هاتبێت ، بیرۆکەی هاتنە پێشەوەی ئەو تێزەشی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو گەشتەی کە لە ساڵی 2004 بۆ ناوچە پیشەسازیەکانی هیندستان سازیدابوو . بە مەزەندەی ئەمیش ساتی میتۆدی دۆزیمەوەی " ئەرخەمێدیس " یانەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە سەردانی حەرەمی زانکۆی lnfosys Technologies ی کرد ، کە یەکێکە لە پێشکەتووترین ناوچەی پیشەسازی و بەرنامەسازی outsourcing یەکانی هیندستان ، لەو زانکۆیەدا تۆماس فرێدمان چاوی بە گەورە بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی زانکۆکە " نیلکانی ناندان " ی لە ژووری کۆنفرانسی ڤیدیۆیی جیهانی کەوت . فرێدمان دەڵێت : خۆشبەختانە لەو ژوانەمدا لەگەڵ " نیلکان " ی زانای بەناوبانگی هیندی ، گەورەترین شاشەی تەلەفزیۆنیم بینی لە سەرتانسەری کیشوەری ئاسیادا کە قەبارەکەی بە قەد دیوارێك دەبوو . دیارە شاشەکە توانای ئەوەی هەیە کۆبوونەوەی کرداریانە بۆ هەموولایەنە سەرەکیەکانی بواری کارەکانیان کە بۆ هەر پرۆژەیەك لە هەرکاتیك لە سەر ئەو شاشە قەبارە زۆر گەورەیەدا سازبدات ، فرێدمان بۆچوونی وایە نەخشەسازە ئەمریکایەکان دەتوانن لە سەر ئەم شاشەیە لەگەڵ دانەری بەرنامە سازیەکان قسەبکەن و هەروەها لەگەڵ هەموو بەرهەم هێنەرە ئاسیاییەکان دەشتوانن لەچوارچێوەی ئەو شاشە گەورەیەدا بەیەکەوە بەیەکجارەکی گفتوگۆ بکەن . لە تەك ئەمەشدا " نیلکان " ی ئاماژەی بەوە دابوو کە

پرۆسەی جیهانگیرایی لە مرۆکەدا خۆی لەو چەمکانە دەبینێتەوە . بە گۆتەی " نیلکان " ی outsourcing یاخود بەرهەمێنانی کالآ بە قۆناغ لە چەند شوێنێکی جیهان ، تەنها رەهەندێکە لە چەند شتێکی سەرەکیتر کە ئەمرۆکە لەم جیهانەدا روودەدات ، وتیشی ئەوەی کەروویداوە لە چەند سالّی رابردوو بەرهەم هێنانێکی یەکجار زۆر لە بواری تەکنەلۆژیا کراوە بەتایبەتی لە سەردەمی " شەڕی سارد" ەوە ، فرێدمان دەلّێت نیلکانی درێژەی بە قسەکانی دەدا و دەیگوت : کاتێك ئەم هەموو شتانە لە ناکاو لە دەوروبەری سالآنی 2000 کەلّەکەیانکرد ئەمانە هەموو پلاتفۆرمێکیان پێك هێنا کە بە هۆیەوە دەکرا بەرهەم و سەرمایە هزریەکان لە هەر شوێنێکەوە هەبێت بە ئاسانی بگەیەندرێن ، بەم پێیەش دەکرا ئەم بەرهەمان دابەشبکرێن و بگەیەندرێن و بکرێن و بەرهەم بهێندرێن و پاشان دووبارە بکرێنە یەکپارچە . ئەمەش رادەیەکی نوێی ئازادی بە رێگاکانی کارکردن بەخشی ، بەتایبەتی لە بواری بەرهەمە هزریەکاندا ، ئەوەی تۆ ئێستا لە " بانگالۆر " دەیبینی بەرهەمی کۆی ئەو هەموو شتانەیە بەیەکەوە . فرێدمان لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەلّێت : نیلکانی دەستەواژەیەکی دەربڕی کە لە گوێمدا زرینگایەوە ، ئەو گوتی " گۆڕەپانی یاریەکە ئێستا تەختە " مەبەستیشی ئەوە بوو کە ولآتانی وەك هیندستان ئێستا بەیەکسانی و بە شێوەیەك دەتوانن پێشبڕکێی لە بواری کاری تەکنەلۆژیای جیهانی بکەن کەهەرگیز نموونەی ئەوها لە پێشتردا نەهاتۆتە ئاراوە و هەروەها باشتر وایە ئەمریکا خۆی بۆ ئەو رەهەندە پیشەسازیە ترسناکان ئامادەبکات . ئەو ئێوارەیە کە حەرەمی زانکۆی Infosys م جێهێشت بە درێژایی رێگای پڕ تاسەی گەڕانەوەم بۆ " بانگالۆر " زۆر بیرم لەو رستەیەی نیلکانی دەکردەوە " گۆڕەپانی یاریکردن تەختکراوە " !! بیرم دەکردەوە نیلکانی چیدەلّێت و مەبەستی لەو قسەیە چییە ؟! کە گۆڕەپانی یاریکردن ئێستا تەختکراوە ، بەلّیّ تەختکراوە ؟! ئای خودایە ، ئەو پێم دەلّێت جیهان تەختە !!! من لێرەدا لە بانگالور پاش زیاتر لە 500 سالّ لە گەشتە دەریاییەکەی کۆلۆپۆس و گەڕان بە دوای کورترین رێگا بۆ هیندستان بە هۆی تەکنەلۆژیا دەریاییە سادەکەی خۆیەوە و گەڕانەوەی بەساغی کە سەلماندی " جیهان خرە " یەکێك لە زیرەکترین ئەندازیارانی هیندستان کە راهێنانی لە بەرزترین پەیمانگای ولآتەکەی خۆی کردووە و نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم لە بەردەستیەتی ، پێم دەلّێت " جیهان تەختە " بەلّیّ وایە جیهان تەختە بە ئەندازەی ئەو شاشە گەورەیەی ژوورەکەی خۆی کە دەتوانێت کۆبونەوەیەکی قەرەبالّغ بۆ تەواوی زنجیرەی ئامادەکاریەکان سازبکات . لەوەش زیاتر ئەو باسی ئەم گەشەسەندەی دەکرد و بە وەرچەرخانێکی گرینگ لە پێشکەوتنی مرۆڤ و هەلّێکی گەورەش بۆ هیندستان و جیهانی سەیردەکرد ، ئەو لە ژێر ئەو رۆشناییەوە پێی وابوو ئێمە جیهانمان کردە جیهانێکی تەخت ؟! فرێدمان شرۆڤەی ئەو پێکهاتانە بە سەر سیّ قۆناغ دابەشدەکات ، جیهانگەرایی یەکەم لە سالآنی 1492 دەست پێدەکات تا سالّی 1800 کە جیهانی لە قەبارەیەکی گەورەوە بۆ قەبارەیەکی مامناوەند بچوککردەوە ، هێزی بزوێنەری ئەو سەردەمیش ئەو ولآتانەی جیهان بوون کە بە دوای سەرچاوەکان و داگیرکردنی ولآتان دەگەڕان . جیهانگەرایی دووەمیش لە سالآنی 1800 تەوە دەست پێدەکات تا سالّی 2000 ئەو پرۆسەیەش جیهانی لە قەبارەیەکی مامناوەندەوە بۆ قەبارەیەکی بچوکتر گۆڕی ، هەروەها پێشەنگی ئەو گۆڕانکاریانەش بێگومان ئەو کۆمپانیانە بوون کە بە دوای بازاڕ و کار دەگەڕان .

جیهانگەرایی سێهەمیش لە سالآنی 2000 وە دەستی پێکردووە ئەم سیستەمەش جیهان لە قەبارەیەکی بچوك بۆ قەبارەیەکی زۆر بچوك دەگۆڕێت و لە هەمانکاتیشدا گۆڕەپانی یاریەکە تەختدەکات ، لە کاتێدا ئەم تێزەش سەرهەلّدەدات بە لای فرێدمانەوە کە هێزی بزوێنەر لە جیهانگەرایی یەکەمدا بریتی بوو لە بە جیهانی بوونی ولآتان و لە جیهانگەرایی دووەمیشدا پرۆسەکە لە دەستی کۆمپانیاکاندابووە . بزوێنەری جیهانگەرای قۆناغی سێهەمیش بریتییە لە جیهانی بوونێك کە تاك و گروپە بچوکەکانیش بەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە ، تاکەکان دەتوانن ئێستا بپرسن جێگای من لەو هەل و مەرج و پێشبڕکێیە جیهانیە لە کوێیە ؟! هەروەها چۆن دەتوانم بە توانای خۆم لە سەر ئاستی جیهان بەشداری و هاوکاری کەسانی دیکە بکەم ، بەلآم جیهانگەرایی سێهەم نەك هەر تەنها لە سەردەمەکانی پێشوو جیاوازترە لەوەی چۆن جیهانی بچوککردۆتەوە و تەختی کردووە و چۆن تاکەکانی دەسەلآتدارکردووە ، بەلّکوو جیاوازی دیکەی لەوەدایە کە جیهانگەرایی یەکەم و دووەم لەلایەن ولآتان و کۆمپانیاکانی ئەوروپا و ئەمریکا بەڕێوە دەبران ، بەلآم جیهانگەرایی سێهەم نەك تەنها لەلایەن تاکەکانەوە بەڕێوە دەبردرێت ، بەلّکو ئەمرۆکە لەلایەن گروپی هەمەجۆری نە

رۆژئاوایی و نه سپی پێست بەرێوە دەچێت . لە جیهانگەرایی سێهەمدا تۆ هەموو رەنگێکی پەلکە زێرینەی مرۆڤ دەبینی کە لەو پرۆسەیە تیایدا بەشداربووینە . ئەم سیستەم یەکانگیریە بەلای تۆماس فرێدمانەوە ئەو راستیە دەردەخات کە گەنجێکی تەمەن 14 سالاَن چ لە رۆمانیا بێت یان بەنگالور و سۆڤیەت و ڤێتنامبێت گشت زانیاریەك و ئامرازێك و بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری ئاسانی لە بەردەستدایە و دەتوانێت زانیاریەکان بە ئارەزووی خۆی بەکار بێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا فرێدمان پێی وایە بەیەکەوە بەستنەوەی بانکەکانیش لەلایەن ئەو ولاَتانەوە پرسی زیانەکانی ئەو پرۆسە جیهانگیریەی هێنا پێشەوە کە بە ئاشکرا بینیمان کە گروپی قاعیدە زانیاری بانکەکانی بەرێگای ئینتەرنێتەوە بەیەکەوە بەستبۆوە .

هەڵبەتە بەستنی هەموو ئەو بانکانەش ئێمە دەگەیێنێتە سەردەمێکی نوێ و داهێنرا و سەردەمێك کە لەلایەن هەردوو گۆرەپانەکەوە چەپ و راست ، لەرۆژئاوا و لە رۆژهەلاَت و لەباشوور وباکور بەرێوەدەچێت . فرێدمان درێژە بەگێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت : سی ساڵ بەر لە ئێستا ئەگەر بۆت بکرابایە هەلی لەدایکبوونی خۆت هەڵبژێری کە خوێندکاری پلە B ی شاری پۆستن بی یان خوێندکارێکی بەهرەداری بانگالۆر یان پەکین بیت ، ئەوە بەدڵنیاییەوە شاری پۆستنت هەڵدەبژارد ، چونکە خوێندکاری بەهرەداری بانگالۆر یان پەکین بەراستی ناتوانێت سوود لەبەهرەکەی خۆی ببینێت ، هەڵبەتە ناشتوانن لەسەر ئاستی جیهان کار بکەن و رۆڵی خۆیان ببینن ، بەلاَم لە ئێستا بە دواوە بارودۆخ گۆڕاوە ، کاتێك کەجیهان تەخت دەبێت هەرکەسێکی لێزان بگاتە Google و کۆمپیوتەرێکی لامپتۆپی هەرزانی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ کێبڕکێی و داهێنان بکات . کاتێکیش کەجیهان پان بێ تۆ دەتوانی داهێنان بکەیت بێ ئەوەی پێویستت بە کۆچکردن هەبێت ، ئەمەش کارەکە ئاسانتر دەکات بۆ مرۆڤایەتی .

## چۆن جیهان ئاوا پان بوو، چۆنیش بەم خێراییە روویدا.؟!!

بەلای تۆماس فرێدمانەوە ئەم پرۆسەیە دەرئەنجامی دە هێزو دە پێشهات بووە ، کە هەر هەموویان پێکەوە لە ماوەی سالاَنی نەوەدەکان هاتن و پاشان لە دەورووبەری ساڵی 2000 تێکەڵ بەیەك بوون ، فرێدمان پێی وایە یەکەم رووداوی ئەو گۆڕانکاریانە 9 ی تشرینی یەکەم بووە نەك 11 ی سێپتێمبەر . واتا ساڵی 1989 کە هاوکاتە لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین کە بەلای فرێدمانەوە رووداوێکی گرینگ بووە ، چونکە رێگای پێماندا بیر لەجیهان وەك تاکە بۆشاییەك بکەینەوە ، بۆ پاڵپشتی وتکەشی فرێدمان بۆچوونێکی Amartya sn ئابووریناس و وەرگری خەلاَتی نۆبڵ دەهێنێتەوە کە دەڵێت : دیواری بەرلین تەنها سیمبولی راگرتنی خەڵك لە ناو ئەڵمانیا نەبوو ، بەڵکو کۆسپێك بوو لە بەردەم رووی راستەقینەی دیمەنی جیهان و ئایندەمان ، دووەم رۆژی گرینگ 9ی ئابی ساڵی 1995بوو ئەو رۆژەی کە بەرنامەی Netscape خرایە بازاڕەکانەوە کە بووە هۆی روودانی دوو شتی گرنگ ، یەکەمیان وای کرد ئینتەرنێت راستەوخۆ و زیندوو بێت ، ئەویش بە هۆی بەرنامەی Browser بۆ خستنەڕووی وێنە و زانیاریەکانی سەر سایتەکان ، دووەمیان بەرنامەی Netscape کە بووە هۆی گەشانەوەی بواری ئینتەرنێت و پەیدابوونی وەبەرهێنانی زەبەلاح بە ملیارەها دۆلار لە کێبڵەکانی fiber-optic ی واتا کێبڵی ریشاڵی بینایی و وەبەرهێنانی لە رادەبەدەری Crossing Global بەخۆشی بێ یان بە ناخۆشی تۆڕێکی جیهانی کێبڵی ژێر دەریا و زەمینی دروستکرد ، ئەمەش بووە هۆی تێچوونی گواستنەوەی وێنە و دەنگی کرداریانە بۆ سفر دابەزێت ، پاشان بەرێکەوت وای لێکرد پۆستن و بانگلۆر و پەکین لە ناکاودا ببنە دراوسێی یەکتری . بەکورتی ئەوی شۆڕشی Netscape کردی پێکەوە بەستنەوەی بۆ ئاستێکی نوێ گواستەوە ، چونکە لەیەککاتدا دەیانتوانی پەیوەندی بەخەڵکێکی زۆرتر لە خۆیان لە شوێنی جیاو بەچەندین رێگای جیاوازجیاواز زیاتر لە جاران بکەن . بێگومان هیچ ولاَتێك بەقەد هیندستان سوودی زیاتری لە سەردەمیNetscape وەرنەگرتووە . چەنکە ئەو زانایە sing denacar یەکێکە لەناودارترین گروپی بەرهم هێنانی هاوبەش لە Wall Street ی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و دایك و باوکی دکتۆرایان لە کیمیای ژیاریBiochemistry لە زانکۆی نیودلهی بەدەست هێناوە ، بەرلەوەی بۆ ئەمریکا کۆچ بکەن Sing دەیگێرێتەوە کە

هیندستان نەسەرچاوەی داهات و نە ژێرخانی ئابووریشی هەبووە ، بەڵام خەڵكی چاكی لە رووی چۆنایەتی وچەندایەتی بەرهەمهێناوە ، بەڵام زۆربەیان لە سەر شۆستەی بەندەرەكان وەك سەوزەوات بۆگەن دەبوون ، تەنها رێژەیەكی كەمیان دەیانتوانی سواری كەشتیەكان بن و رزگاریان ببێت ، هەڵبەتە لە مەودوا چیتر وانابێت ، چونكە ئێمە ئەو زەریا پەڕیوەمان دروستكرد كە پێی دەوترێت " كێبڵی ریشاڵی بینایی" دیارە بۆ كەسێك كە بیەوێت زانیاری بەدەست بهێنێت دەبوا دەیانساڵ هیندستان بەجێ بهێڵێ تا دەبوو بەكەسێكی پسپۆر، بەڵام ئێستا هەر ئەو مرۆڤە دەتوانێت لە هیندستانەوە خۆی بەجیهانەوە ببستێتەوە ، ئێستا پێویست ناكات بچێتە كۆلێجی Yale كار بۆ Goldman sachs بكەی ، هیندستان هەرگیز ناتوانێ تیچووی سیستەمی گواستنەوەی زانیارییەكان دابین بكات ، بۆ ئەوی هیندستانی زیرەك بە ئەمریكای تەكنەلۆژیای بەرز ببەستێ ، بۆیە لە بەرامبەر خاوەن سەهمە share holdrs ئەمریكایەكان پارەكەیان بۆدا . بەڵێ وەبەرهێنانی شێتانەی لەرادەبەدەر دەكرێ ببێتە شتێكی زۆر چاك ، لە درێژەی قسەكانیدا سینگ وتی: بەڵام وەبەرهێنانی هێڵەكانی شەمەندەفەر و هەروەها قازانجەكانیشی تەنها بۆ وڵاتی ئەمریكا بوو، بەڵام لەحاڵەتی هێڵە دیجیتاڵەكان بێگانەكان قازانجیان كرد ، كەواتە هیندستان ئەمڕۆكە بەخۆڕایی سواری ئەو شەمەندەفەرە نوێیە بووە .

بەڕاستی ئەو پێشكەوتنە لە ناكاوەی بواری یەك بەستنەوەی خەڵك بە خەڵك و بەرنامەی كۆمپیوتەری بە بەرنامەی كومپیوتەریەوە لە ماوەیەكی كورتدا بوە هۆی بەرهەمهێنانی زیاتر لە شەش فاكتەری پانكەرەوەی جیهان , شەش رێگای نوێ كە بە هۆیەوە تاك و كۆمپانیاكان دەتوانن لە كارەكانیان و لە گۆڕینەوەی زانیاریەكان هاوكاری یەكتربكەن.

یەكەمیان : لەو رێگایانە outsourcing بوو , واتا بەرهەمهێنانی كاڵا بەقۆناغ لە چەند شوێنێكی جیهاندا كاتێك بەرنامەكانی كۆمپیوتەرەكەی من بەبێ كەموو كورتی بە هەموو بەرنامەكانی هاوشێوەی لای ئێوە ببسترێ ، مانای ئەوەیە كە هەموو جۆرە كارێك هەر لە ژمێریاریەوە بگرە تادەگاتە بەرنامە سازی دەتوانترێت بە شێوەی دیجیتاڵ بچوك بكرێتەوە و بۆ هەر شوێنێكی جیهان بگوازرێتەرەوە .

دووەمیان : Off shoring بوو , واتا گواستنەوەی پرۆسەی بازرگانی بۆ شوێنێكی هەرزانتر . دەتوانم تەواوی كارگەكەی خۆم لە كانتۆنی (ئۆهایۆ) بۆ كانتۆنی (چین ) بگوازمەوە .

سێهەمیان :Open sourcing بو یاخوود شكاندن و پاوانكردنی كاڵایەك لە یەك خاوەن بۆ چەند خاوەنێك تا بتوانن بیفرۆشن ، ئەم سیستەمی كاركردنەش Linux " سیستەمێكی كۆمپیوتەری كراوەی بەخۆڕاییە " ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە هاوكاری چەند ئەندازیارێك كە بەیەكەوە لەسەر هێڵی ئینتەرنت بەخۆڕای كاردەكەن بەرێوەدەچێت.

چوارەمیان : In sourcing بوو , بۆ ئەوە لێدەگەڕێم كۆمپانیایەكی وەك ups بێتە ناو كۆمپانیاكەم و دەست بەسەر گشت كارە لۆجیستیەكانمدا بگرێت , هەر لەپركدنەوەی فۆڕمی كاڵا بە هۆی ئینتەرنێت تا بەگەیاندنی كاڵاكان و چاكردنەوەیان بۆ كڕیارەكان كە كاتێك لە لایەن ئەوانەوە تێكدەشكێت .

پێنجەمیان : supply chaining بوو , واتا زنجیرەی خستنەڕوو كە دەگاتە هەموو ئەو بەشانەی هێنانی كەرەستەی خاوو نیمچە كاڵا و كاڵای تەوا و گەیاندنی بەدەست كڕیارەكانەوە , ئەمەشیان تایبەتمەندیەتی كۆمپانیای Wal-Mart ە بۆ نموونە من دەتوانم زنجیرەیەكی خستنەڕووی جیهانی دروست بكەم بەوپەڕی كارامەیی بۆ ئەوەی ئەگەر كاڵایەكم لە ولایەتی ئاركینساس فرۆشت یەكسەر دانەیەكیتر بە هەمان شێوە لە چین بەرهەم دێنم (ئەگەر Wal-Mart) وڵاتێك بوایە ئەوە دەبووە هەشتەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانی لە چین , نوێترین شێوەی ئەو هاوبەشیەش ناودەنێم Informing ئەمەش سیستەمی گەڕانە لە نێو , Google , yahoo , MSN دا كە رێگا بە هەموو كەسێكدەدا لەگەڵ خەڵكانی دیكەدا لە دوای سەرچاوەی لەبن نەهاتووی زانیاریدا بگەڕێن .

دوا پانكەرەوەی جیهانیش ناوی لێدەنێم the steroids كە بریتین لە پەیوەندیكردنی بێوایەرو و پرۆتۆكۆڵی گوازتنەوەی دەنگ لە رێگای ئینتەرنێت Voip ئەوەی كە steroids دەیكەن بریتیە لە turbo charge یاخوود ئامێری زیادكردنی هێزی بزوێنەر بە هۆی زیادكردنی بری ئۆكسجین كە دەچێتە ناو بزوێنەرەكانەوە .

تۆمـاس فرێـدمان لـە درێـژەی کتێبەکەیـدا ئامـاژەی بـە وتەیـەکی (گریـك مۆنـدی) گـەورە بەرێوەبـەری کۆمپانیـای مایکرۆسـۆفت دەدا و دەڵێـت " دروسـت کردنـی ئـەم سـەکۆیە بـەم تایبەتمەندیـە دەگمەنانـەوە بـە راسـتی پێشکەتنێکی بەردەوام بوو کە دەرفەتی رەخساند ئەوەی تۆ ناوت لێناوە پانکردنی جیهان بێتـە ئـاراوە . راسـتە ئێـستا هـەموو کەسێك بواری گەیشتنی ئەو زانیاریانەی بۆ نییە ، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەم ئامێرەوە خەڵکێکی زۆرترو و لە شوێنی جیاجیا و لە رۆژانی تایبەتـەوە بـە رێگای شـەفاف و کـراوە دەگـەن بـە یـەك و کـە بێگومـان لـە مێـژودا قـەد تەکنەلۆجیایـەکی ئـەوها بەرهەم نەهاتووە . فرێـدمان زەنگـی مەترسـیەکە نـزیکتر دەکاتـەوە و بـە ئاماژەیـەك بـە گـەلی ئـەمریکا دەڵێـت : ئەگـەر رێژەیـەکی زۆر لـە وڵاتـانی هینـدسـتان و چـین و بەشـێك لـە کیـشوەری ئاسـیا کاڵاکانیـان بێننـە پێـشەوە کـە نزیکـەی دوو بەرامبـەری هێـزی کـاری ئەمریکایەکانـە بۆیـە رای دەگـەێنم کـە ئەمـە پێـشهاتێکە , زەنگێکـە بـۆ ئاییـندەمان چـونکە هیندیەکان و چینیەکان بـۆ چوونـە خـوارەوە پێـشبرکێمان ناکـەن بـەڵکو بـۆ سـەرکەوتن لـە ململانێـدان لەگـەڵ ئێمـەدا . ئێستاکە بەرهەمەکانی ژێرکراس و باڵی فرۆکە لە چین دەنەخشێندرێن و رەنگە بۆ ماوەی سی ساڵێدیکە کاڵای فرۆشـراو و دروستکراو و نەخشکرا و لە چینەوە بـۆ ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا بێـت , گریـك دەڵێـت : بەشـەو رۆژێکـدا تـۆ ناتوانیت سێ ملیار کەس بێنیتە ناو ئابووری جیهان بەبێ دەرئەنجامێکی گەورە بەتایبەتی لـە سـێ کۆمـەڵگای جیـاوازەوە وەك هیندستان و چین و روسیا کە جگە لەوەی خاوەنی کلتـوورێکی زانـستی دەوڵەمەنـدن لەگـەڵ ئەوەشدا  پێشەنگیشن لـەو بـوارەدا . بۆیـە هـیچ گەرەنتیـەك نییـە کـە ئـەمریکایی یـان ئەوروپاییـە رۆژئاواییـەکان لـە رابەرایـەتی کـردن و لـە پێـشەنگکردنی جیهـان بـەردەوامبن . دیـارە ئێـستا یـاری زانـی نـوێ وردە وردە دێنـە نـاو گۆرەپانەکـەوە چـونکە ئـەوان بارسووکن لە هەر میراتێکدا کە بۆیان دێت . یاخوود با بڵێین ئەوەنـدە دواکەوتوبوون کـە بتـوانن یەکـسەر پـاز بـدەن بـۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیا نوێکانەوە بێئەوەی نیگـەرانیان لـەو هـەموو تێـچوە قورسانـەی سیـستەمە کۆنـەکان هـەبێت . کـە واتە ئەوان دەتوانن زۆر بە خێرایی خۆیان لەگەڵ دوایین ئاستی پەرەسەندووی تەکنەلۆژیا رابهێنن , هەر بۆیە ئیـستا لـە چین بەکارهێنانی مۆبایل لە ئەمریکا زیاترە . تۆماس فرێدمان بۆ راستی ئەو لێکدانەوەی نـاوەرۆکی دوو گفتوگۆمـان بـە نموونە بۆ دێنێتەوە ، یەکیان لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بوو کە دەستیان لە دانانی سـەنتەری لێکۆڵینەوەی مایکرۆسۆفت لە پەکین و مایکرۆسـۆفتی ئاسـیا بـۆ لێکۆڵینـەوە کـە لـە ساڵی 1998 ئەنجامـدراوە هـەبووە , دوای ئەوەی مایکرۆسۆفت چەند تیمێکی بۆ وڵاتی چین نـارد بـۆ تاقیکرنـەوەکانی ( I. Q. یـاخوود Intelligence Ouotient) واتـا " کۆئـەنجامی زیرەکـی " بـە مەبەسـتی بـەهێزکردن و پاڵپـشتیکردنی زیـرەکترین کـەس لـە کـۆی 1.3 ملیار لە خەڵکی چین لە کۆی دوو هەزار خوێندکاری کۆلیژی زانـست و ئەنـدازیاری پلـە بـەرزی چینـی کـە دەرچـوبوون , مایکرۆسـۆفت بیـست خوێنـدکاری بـە کرێگـرت , لـەو پێـشبرکێیەدا تیمـی سـەنتەرەکەی ئاسـیا چالاکترین تیمـی بەرهـەم هێنەری کۆمپانیایەکە بووە . بۆیە فرێدمان پێمان دەڵێت تۆ کە بیست کەست لە نێوان ملیارێك و سێـسەد ملێـون کەسـدا هەبێت بێگومان زۆرانێکیتر وەك ئەوانەش هەن کە ئێستا خەریکی بەدەست هێنانی زانستن .

گفتوگۆکـەی دیکـە لەگـەڵ " راجـیش راو " بـووە کـە بەڵێنـدەرێکی گـەنجی هیندییـە و کۆمپانیـای بەرهـەمهێنانی یـاری ئەلیکترۆنی لـە بانگـالۆر دانـاوە ، کـە ئەمرۆکـە ئـەو کۆمپانیایـە مـافی بـەکارهێنانی وێنـەکانی شـارڵی چاپلێنی لـە یاریـە ئەلیکترۆنیەکانی ناو مۆبایلی بەدەستە . تۆماس فرێـدمان دەڵێـت : راو بـە منـی وت : نـاتوانین پـشوو بـدەین ، پـێم وایـە ئەوەی ئێستا لە حاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روودەدات هەمووی دەرئەنجامی پـشوودان بـووە ، تکایـە سـەیری ئێمە بکە مـن خـەڵکی هینـدستانم پێـشتر ئێمـە تـەوا و لـە ئاسـتێکی جیاوازدابووینـە لـە رووی بازرگـانی و تەکنـەلۆژیاوە لەگەڵ ئێوەدا ، بەڵام کاتێك کە بینیمان ژێرخانێکمان هەیە کە جیهانی بۆمان بچوککردۆتەوە ، ئێمە هەوڵماندا زۆرتـرین سوود لەو جیهانە وەرگرین ، بینیشمان کە چۆن دەتوانین سوود وەرگرین ، بەرەو پێشەوەش چوین ، ئـەوەی ئەمرۆکـەش دەیبینیت   بێگومان بەرهەمی ئەو رۆژەبووە .

تۆماس فرێدمان دەروازەیەك بـۆ متمانـەبوونی هێـزی کـار جێـدەهێڵێت و کۆمـەڵگای بەرهەمێنـەر بـە گـەلانێکی زینـدوو پێناسەدەکات ، فرێـدمان لـە قۆناغبەنـدی پانکەرەوەکانـدا رایدەگەیـەنێت کـە بونیـادە ئـابووری و پیـشەسازیەکان لـە نێـو وڵاتدا هانی سەرمایە خۆمـاڵی و لۆکاڵیەکانـدەدات کـە ژێرخـان و سـەرخانی ئـابووری نیـشتیمان ببەنـە لوتکـە . فرێـدمان

بەردەوامدەبێت و دەڵێت : ئەگەر هاوتەریبیەك لەگەڵ ئەم ساتە مێژووییەی ئەمریكا هەبێت ، ئەو ساتی لوتكەی شەری سارده یاخود ساڵانی 1957 كە یەكێتیی سۆڤیەت لە پێشبركێی بۆشایی ئاسماندا بە ناردنی مانگی دەستكردی Sputnik بە پێش ئەمریكا كەوت . ئەوسا گەورەترین بەرەنگاربوونەوە لەلایەن ئەوانەوە هات كە دەیانویست دیوارێك بونیاد بنێن ، ئەمرۆكەش گەورەترین بەرهەنگاربوونەوە لە بەردەم ئەمریكا ئەوەیە كە هەموو ئەم دیوارانە روخێندران و خەڵكێكی زۆر دەتوانن پێشبركێی و هاوكاری راستەوخۆمان لەگەڵ بكەن . فرێدمان پێی وایە لە جیهانی ئەوسا بەرهەنگاربوونەوەی سەرەكی بریتی بوو لەو لایەنانەی كۆمۆنیستی توندڕەوییان پەیڕە و دەكرد ، یاخود با بڵێین وەك روسیا و چین و كۆریای باكوور . ئەمرۆكەش بەرەنگاربوونەوەی سەرەكی بەردەم ئەمریكا خۆی لە پەیڕەكەرانی سەرمایەدارانی توندرە و دەنوێنێت ، كە چین و هیندستان و كۆریای باشوورن . فرێدمان لەو هاوكێشەیەدا دەگاتە ئەو بۆچوونەی كە بڵێت ئامانجی سەرەكی سەردەمی ململانێیەكان و دۆخی جیهانگیری ئەوسا بونیادنانی دەوڵەتێكی بەهێز بوو ، بەلاّم ئامانجی سەرەكی ئەمرۆكەی پرۆسەی بازاڕی ئازاد و فاكتەرە پانكەرەوەكان بونیادنانی تاكێكی بەهێزە ، ئەو تاكەی كە خۆی سەنتڕالیزمی وەدەست هێنانی ژێرخانی ئابووری وڵاتە . تاكێك دەتوانێت گەورەترین گورز لەو ئابوریە مۆنە پۆلیەی ئەمریكا بدات كە لە ژێر سایەی پرسی جیهانگیریدا متبووە .

فرێدمان دۆخی قەیرانەكە وابەستەدەكاتەوە لەگەڵ ئەو كەش هەوایەی كە ئێستا بەهۆی سستی كارگە و هۆكارەكانی بەرهەمێنانەوە لە ئەمریكا هاتونەتە بەرهەم ، ئەو پێی وایە ئەمریكا ئێستاكە لە كارەكتەرێكی بەرهەم هێنەرەوە چۆتە قۆناغی بەرهەنگاربوونەوە ، بۆ راستی بۆچونەكەشی تۆماس فرێدمان راو سەرنجی خاتوو جاكسن بە نموونە دەهێنێتەوە كە یەكەم ژنی ئەمریكایی رەش پێستە كە بروانامەی دكتۆرای لە فیزیا لەلایەن پەیمانگای T. I. M ی ئەمریكایی وەدەست هێناوە دەڵێت : ئەگەر قەیرانەكە چارەسەر نەكرێت ئەوە بۆ زاڵبوون و توانامان لە بواری داهێنان دەبێتە بەرهەنگاربوونەوە . چونكە خودی ئەو توانایە بەردەوامەمان لە بواری بەرهەمهێنان و داهێنانی كالاّ و خزمەتگوزاری و كۆمپانیای نوێ كە سەرچاوەی لە بن نەهاتووی فراوانیبوونی چینی مامناوەندی كۆمەڵگەی ئەمریكایە لە ماوەی دوو سەدەی رابردوو ، ئەم قەیرانە هێمنە بەرهەمی سێ كەلێنە كە ئێستا دووچاری كۆمەڵگەی ئەمریكایی بۆتەوە .

یەكەمیان : كەلێنی بەرزخوازییە ، چونكە زۆربەی زۆری ئەمریكایەكان بەبەراوردكردن لەگەڵ گەنجی وزەداری هیندی و چینی دەبینین زۆربەی ئەمریكایەكان زۆر تەوەزەلن . لەو بارەیەوەش" دێڤد رۆسكۆڤ " كارمەندی پێشوی وەزارەتی بازرگانی لە سەردەمی ئیدارەی كلینتۆندا دەڵێت : ئەو دەسەلات و هەیمەنی كە پێویستە خۆمانی لێ دەربازبكەین بێگومان ئەو خۆ بە زلّزانینەمانە لە بەرامبەر جیهاندا .

دووەمیان : كەلێنێكی دیكەی مەترسیدارمان لە بواری ژمارە هەیە ، چونكە كەمتەرخەمین لە دروستكردنی ژمارەی پێویست لە زانا و ئەندازیارن . فێریش بوینە بۆ پركردنەوەی كەم و كورتی لەو بوارانەدا ئەو جۆرە پسپۆرانە لە هیندستان و چین بهێنین .

سێهەم : سستی لە بواری پەروەردە و خوێندن كە خەریكە لە لامان پەرەدەستێنێت . فرێدمان بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەو تەوەرەشی پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی وتەیەكی " بیل گەیتس " خاوەنی كۆمپانیای مایكرۆسۆفت دەڵێت : خوێندن لە خوێندنگاكانی دواناوەندیەكانی ئەمریكا تۆزی لێنیشتووە ، كاتێك من بەراوردی خوێندنگاكانی خۆمان لەگەڵ ئەوەی من بینیومە لە وڵاتانی دیكەی پیشەسازی و پێگەیشتوو دەكەم بێگومان ترس و بێم دامدەگریت لە بارەی ئاییندەی هێزی كارمان ، لە بواری ماتماتیك و زانستدا . هەڵبەتە خوێندكارانی قۆناغی چوارەمی ئێمە لە لوتكەی رێزبەندی خوێندكارانی جیهانن ، بەلاّم لە قۆناغی هەشتەمدا خوێندكارەكانمان لە ناوەندی رێزبەندیەكەن ، لە قۆناغی دوازدەمینیشدا نمرەكانی خوێندكارانی ئەمریكا لە خوارەوەی ئاستی هەموو نەتەوە پیشەسازیەكانەوە دێت . بێگومان رێژەی سەدی كەسانی خاوەن بروانامە لە نێو دانیشتوانی وڵات شتێكی زۆر گرینگە ، هەروەها ژمارەكەشیان گرینگە . بۆ نموونە هەر لە ساڵی 2001 دا هیندستان نزیكەی یەك ملیۆن خویندكاری كۆلیژی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا زیاتر دەرچواند . چینیش دوو بەرامبەری خوێنكاری خاوەن بروانامەی بە كالۆریۆسی هەر لەهەمان ساڵدا دەرچواندووە

، لەگەڵ ئەوەشدا شەش ئەوەندەی ئەمریکا ئەندازیاری دەرچواندووە ، لە دوا قسەشیدا خاوەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت وتی : ئەمریکا لە حاڵی حازردا لە پێشبرکێی نێودەوڵەتیدا بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین و باشترین کرێکاری لێزان خەریکە دەدۆڕێنێت .

تۆماس فرێدمان لە کۆتایی راپۆرتە رۆژنامەنووسیەکەیدا کە لە شێوەی کتێب بڵاوی کردۆتەوە ئاماژە بە خۆ ئاگاهێنانەوەیەك ئەکات کە پێویستە گەلانی ئەمریکا هەستی پێبکەن و دەڵێت : دەبێ زوو فریای خۆمان بکەوین ، بۆ راهێنانی ئەندازیارێکی باش هەڵبەتە پانزەساڵمان پێویستە ، چونکە بەرێزان ئەمە بەراستی زانستی رۆکێتە !! بۆیە دایکان و باوکان پێتان دەڵێم یاریەکانی ئەلیکترۆنی " ئەتاری " فرێ بدەن و تەلەفزیۆنەکان بکوژێننەوە با منداڵەکانتان کاربکەن ، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو راستیە تاڵەتان پێرادەگەیەنم کە لە جیهانێکی تەخت هەر کەسێك ئەگەر بییەوێت ئاستی ژیانی خۆی باشتر بکات دەبێت کەمێك خێراتر کاربکات . بۆ نموونە لە کاتی پێگەیشتنم دایك و باوکم لەوە راهاتبوون کە پێم بڵێن " تۆم نانی ئێوارەت تەوا و بکە " تەماشاکە خەڵکی وا لە چین لە برسان دەمرن " بەلاَم دوای ئەو گەشتە دەرياييەم کە بۆ ماوەی ساڵێك لە لێوارەکانی جیهانی تەخت دەسووڕامەوە ، من ئێستا بەکچەکەم دەڵێم " کچەکانم ئەرکەکانتان تەوا و بکەن " چونکە خەڵکی لە چین و هیندستان چاویان بریوەتە کارەکانتان لێتان بستێنن " دوبارەش دەیلێمەوە ، ئەمە تاقیکردنەوە نییە . ئەمە سەرەتای قەیرانێکە کە چیتر ئاوا بە هێمنی نامینێتەوە . بۆیە ئابوریناسی زانکۆی ستانفۆرد " پۆڵ رۆمیر " راست دەکات کە دەڵێت : قەیران شتێکی ترسناکە و نابێت وا بەئاسانی بەسەرماندا تێببەرێت .

بەرێزان ئەمەی خوێنتانەوە کۆی را و سەرنجە رۆژنامەوانیەکەی تۆماس فرێدمان بوو لە بارەی رەوشی پێشکەوتن و پیشەسازی و ئابوری جیهان کە بە لای فرێدمانەوە جیهانی ئێستامان بە هۆی ئەوانەوە تەخت بووە ، فرێدمان ئەگەرەکانی بەردەم تەکنەلۆژیا و کارگە پیشەسازیەکانی جیهان بە ململانێیەکی خێرا دەناسێنێت و ئەو ناوچە دابراو و خەوتووانەی دونیاش کە لە چەند ساڵی رابردوودا ولاَتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکانی جیهان بە چەند هەنگاوێك لە پێشەوەی ئەوانبووینە بەلاَم ئێستاکە هەر یەك لەو ناوچانە لە بێشبرکێی ولاَتە پیشەسازیەکانی جیهاندان .

لێرەدا وا پێویست دەکات قسە و باسێکیش لە بارەی رەوشی ئابوری و پیشەسازی و تەکنەلۆژی خۆمان بکەین و بپرسین ئاخۆ بارو دۆخی ئێمە لە کوێی ئەو رەوشەی جیهاندایە کە فرێدمان باسی لێوەدەکات . دیارە فرێدمان بە دوو چاو سەیری جیهان دەکات .

چاوێك بۆ واقیعی ئێستای ئەمریکایە کە فرێدمان بەشێکە لەو ژیارە و خۆی راستەوخۆ هەست بەو مەترسیانە دەکات کە بەرەو رووی گەلانی ئەمریکا دەبێتەوە بۆیە زەنگی مەترسیەکە سەرەتا بە گوێی ئەمریکایەکان لێدەدات .

چاوی دووەمیش ئاماژەیەکە بۆ پرۆسەی بەرە و پێشەوە چوون و ململانێی بازرگانی و پیشەسازی و کالاَکان کە ئەو پێی وایە هەموو گەل و نیشتیمان و تاکێك توانستی بەرهەمهێنان و بەرە و پێشەوە چوونی تێدایە بەمەرجێك بەردەوام کار بکات ، چونکە هێزی کار لای فرێدمان لە بەردەوامبوون دایە ، ئەو دەڵێت ئەمریکایەکان زۆرشتیانکرد بەلاَم دواجار پشوویاندا ، پرسی پشووش لای فرێدمان زیندووکردنەوەی دۆخی متبوون و بێ ئاگابوونە لە نێو گۆرانکاریەکاندا . هەڵبەتە ئێمەی کوردیش وەك بەشێك لەو جیهانە دەبێت لە خۆمان بپرسین ئاخۆ دەبێت ئێمە چ بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی ئەو ولاَتە پێشکەوتوودانە . بێگومان ئەمە ئەو پرسیار و گومانانەیە دەبێت هەموو لایەکمان وەلاَمی بدەینەوە .......

تێبینی:- بەشێکی ئەم کتێبە لە لایەن یوسف ئەحمەد کوردی-یەوە, لە زمانی ئینگلیزییەوە, وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی‌و لە ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە.